فەرهاد پیرباڵ: تورکمان بە کوردە گوندییانەیان دەگۆت کرمانج کوردیش بە تورکمانیان دەگۆت هەولێری

کاندیدی پەرلەمانی کوردستان فەرهاد پیرباڵ لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک نوسیویەتی، بازرگانی و موڵکداریی ناو قەڵات و بزنسی ناو قەیسەری و پیشەکان، هەمووی بەدەست تورکمانەوە بوون، چونکە کورد لە گوندەوە بەرهەمە گوندییەکانی خۆی دەهێنا یان دوکاندارە تورکمانەکان دەچوون بەرهەمە گوندییەکانی کوردیان دەکڕی، تورکمان بەو کوردە گوندیانەیان دەگۆت کرمانج، کوردیش بە تورکمانیان دەگۆت هەولێری، یان شارستان. ئەم پەیوەندییە بازرگانییە ببووە هۆی تێکەڵاوییەکی کۆمەڵایەتیی و کولتووریی زۆر باش بەرەو پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان ئەم دوو قەومە.